نێچیرڤان بارزانی: پاپشت و پارێزەری مافەکانی خوشک و برا ئێزدییەکان دەبین

ڕۆژی هەینی، 15ـی کانوونی یەکەمی 2023، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامەکی پیرۆزبایی بە بۆنەی جەژنی ڕۆژووی ئێزی بڵاوکردەوە و گوتی: "جەژنی ڕۆژووی ئێزی لە میر و جڤاتی ڕۆحانی و هەموو خوشک و برا ئێزدییەکان لە کوردستان، عێراق و هەر شوێنێکی جیهان پیرۆز دەکەم. هیوادارم جەژنەکی ئارام و پشووەکی خۆش بەسەر ببێن."

سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە، "لەم بۆنەیدا، جارێکی دیکە خوشک و برا ئێزدییەکان پشتڕاست دەکەینەوە کە وەکو هەمیشە پاپشت و پارێزەری مافەکانیان دەبین. هەموو هەوڵێک دەدەین بە ئەوەی دەقەرەکانیان ئاوەدان بکرێنەوە و کوردستان بە وڵاتی پێکوەژیانی ئاشتیانەی هەموو پێکهاتەکان بمێنێتەوە."